كۆماری عێراق
هەرێمی كوردستان
سەرۆك
ژمارە: ٢٠٢
بەروار:٢٠٠٦/٤/٢٥

## رێنمایی

لەبەر سەرهەڵدانی چەند سەرپێچیەك لەسەر زەویـە كـشتوكاڵیەكان وە بەمەبەسـتی راگـرتنی ئـەم سەرپێـچیانە وە بـۆ بەرژەوەنـدی گـشتی وە مانـەوەی رەگـەزی زەوی بـە كـشتوكاڵی وە پەرەپێدان بە كشتوكاڵ بڕیارماندا بە دەركردنی ئەم چوار رێنمایانەی خوارەوە:

یەكەم: بەهیچ شێوەیەك ناكرێت گرێ بەستی كشتوكاڵی تنازل بكرێت لەلایەن جووتیارەوە بۆ كەسانی تر.

دووەم: جۆری (صنف) زەوی كشتوكاڵی یان رەگەزی ناگۆڕدرێت.

سـێیەم: بـەهیچ شـێوەیەك زەوی كـشتوكاڵی تملیـك ناكرێـت بـۆ هـیچ كەسـێك وە بـۆ هـیچ پرۆژەیێك.

چوارەم: ئەو كەسانەی سەرپێچیان كردوە لەسەر زەویە كشتوكاڵیەكان و اسـتغلالیان كـردوە هیچ مافێكی یاساییان ناكەوێت وە هەر كاتێك بەرژەوەندی گشتی پێویستی بە زەویەكان هـەبوو هیچ قەرەبووەكی سەرپێچیكاران ناكرێتەوە.

مسعود بـارزانی
سەرۆكی هەرێمی كوردستان